**ئەمانەی خوارەوە چەند پرسیارێکی جۆراوجۆرن لەسەر بابەتی مێژووی ئەدەبی بۆ قۆناغی یەکەم بەشی کوردی –بەیانیان. ساڵی خوێندنی٢٠٢٣-٢٠٢٤م .**

**پ١\تایبەتمەندیەکانی سەرەتاکانی ئەدەب و ئەدەبی جیهانی کۆن بنووسە.**

**پ٢\ ئەدەبی ئەرکیۆلۆجی چیە؟ باسی بکە.**

**پ٣ \ ئیپۆسی گلگامێش چیە؟ بەکورتی لەچەند خاڵێکدا باسی بکە.**

**پ٤ \ باسی ئەدەبی میسری کۆن بکە بەنموونەوە.**

**پ٥ \ باسی ئەدەبی هونەری بکەلە کتێبە ئاینیەکاندا.**

**پ٦ \ باسی ئەدەبی گریگی بکە و بەرزترین شاکارە ئەدەبیەکەی بنووسە.**

**پ٧ \ لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرەکانی نالی باس بکە بەنموونەوە.**

**پ٨ \ بەکورتی لەڕووی روخسارەوەباسی شیعرەکانی نالی بکە .**

**پ٩ \ رۆڵی مێرنشینی بابان بنووسە لە گەشەسەندنی ئەدەبیاتی دیالێکتی کرمانجی خوارووداً.**

**پ١٠ \ لەڕووی ناوەڕۆکەوە باسی ئەدەبیاتی دیالێکتی کرمانجی خواروو بکە بەنموونەوە.**

**پ١١ \ لەڕووی روخسارەوە باسی ئەدەبیاتی دیالێکتی کرمانجی خواروو بکە بەنموونەوە.**

**پ١٢\ باسی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی دیالێکتی کرمانجی خواروو بکە.**

**پ١٣\ لەڕووی ناوەڕۆکەوە باسی ئەدەبی دیالێکتی کرمانجی سەروو بکە بەنموونەوە.**

**پ١٤\ لەڕووی روخسارەوە باسی ئەدەبی دیالێکتی کرمانجی سەروو بکە بەنموونەوە.**

**پ١٥\ سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو بەکۆتایی سەدەی شازدە و سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم دادەنرێت باسی بکە.**

**پ١٦\ رووخسار و ناوەڕۆکی ئەدەبیاتی گۆران بەنموونەوەباس بکە.**

پ\١٧ بیروباوەری گۆرانەکان(ئەهلی حەق) چی بوو؟ باسی بکە.

**پ\١٨** سەرەتای ئەدەبیاتی گۆران لەڕووی مێژووی سەرهەڵدانیەوە باس بکە.

**پ\١٩** شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانی لەڕووی تایبەتمەندییەوە باس بکە.

پ\٢٠ باسێکی زانستانەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بکە بەکورتی.

**پ\٣١ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بەوشەی گونجاو پڕبکەرەوە:**

١- مێژووی ئەدەب لەسەدەی ............لەلایەن ئیتاڵیەکانەوە ئەم ناوەی بۆدانراوە.

**٢- محمد غنیمی هلال دەڵێت:(هەرچییەک بوترێت لە پێناسە کردنیدا لەم چەمکە دەرناچێت ................ تێدابێت لەگەڵ .............).**

**٣- ئەدەبی پاش مێژوو دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشدا ١-............٢-............**

**٤- ئەدەبی میسری پاش ئەدەبی .............. دێت.**

**پ\٣٢ نیشانەی راست(✓)یان چەوت(✗)بۆ ئەمانەی خوارەوە دابنێ و هەڵەکانیش ڕاست بکەوە.**

١- یەکێ لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەدەبی میسری کۆن کە ناوی لە مێژوودا تۆمارکراوە،بەناوی( ئەمنحوتبی چوارەم )ە، کە شیعرەکانی زیاتر پیاهەڵدان بووە.

٢- مەبەستمان لەکتێبە ئایینیەکان ئەو کۆمەڵە کتێبەیە کە (ئاسمانی و نائاسمانییەکانن).

٣- گەورەترین شاکاری بەرهەمی گریکی کە بە یەکەمین بەرهەمی ئەو ئەدەبە دادەنرێت(ئیپۆسی گلگامێش)ە.

٤- کۆنترین شیعری رۆمانی کەبەزمانی لاتینی نوسراوەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی دووەمی پ.م.

**پ٣٣/ باسی سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی بکە.**

**پ٤ ١٣ بۆچی ئەدەبی نەنووسراوئەدەبی سەر زارەکی و میللیشی  پێ دەگوترێت؟ باسی بکە.**

**پ٥ ١٣ چۆن ئەدەبی نووسراوئەو ئەدەبە کلاسیکیە بەرزە دەگرێتەوە کە لە دەوروبەری ئاینی ئیسلام دەست پێ دەکات؟ ڕوونی بکەرەوە.**

**پ١٣٦ قۆناغەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی ئەدەبی کوردی نووسراو بنووسە.**